# قوتابییان و خانەوادەکانیان خۆیان بە قوربانیی بایکۆتکردنی پرۆسەی خوێندن دەزانن

ئەگەرچی خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی مافێکی ئاسایی و یاسایی هەر هاووڵاتییەکە لە وڵاتانی دیموکراسیدا، بەڵام بایکۆتکردنی خوێندن و داخستنی دەرگەی قوتابخانەکان بە رووی قوتابییاندا کارێکی نائاساییە و کاردانەوەی نەرێنی لەسەر دابڕانی خوێندەڤان لە پرۆسەی پەروەردە و فێربوون دەبێت، بە جۆرێک کە قوتابی و خێزانەکانیشیان رووبەڕووی پەشێوی و چەندین گرفتی لابەلا دەکات، لە هەرێمی کوردستانیش ئەو حاڵەتانە رووی داوە و قوتابییان و خانەوادەکانیان خۆیان بە قوربانیی بایکۆتکردنی پرۆسەی خوێندن لە لایەن مامۆستایانەوە دەزانن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان لە روانگەی جیاوازەوە هەڵسەنگاندن بۆ ئەم پرسە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

«بایکۆتکردنی مامۆستایان و داخستنی دەرگەی قوتابخانەکان لەم سنوورە، وایکرد، کوڕەکانم هەندێ خوی نەشیاو هەڵبگرن، بەهۆی دەست بەتاڵییەوە کوڕەکانم فێری گازینۆ و چایخانەکان بوون و ئێستا نێرگەلە دەکێشن، ئاوا بڕوا، چوار رۆژی تر فێری یانەکانیش دەبن.» ئەوە قسەی نەرمین سادق-ی دانیشتووی شاری کۆیە بوو، کە وەك خۆی باسی کرد، هاوسەرەکەی پێشمەرگەیە و دوو کوڕی قوتابیی پۆلەکانی (١٠ و ١١)ـن. ئەو دایکە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «قەیرانەکە تەنیا بۆ مامۆستایان نییە و بەرۆکی هەموو چینەکانی گرتووە، بۆیە لێرەوە داوا لە مامۆستایان دەکەم، بە رێگەی دیکە داوای مافەکانیان بکەن، نەك لەسەر حیسابی منداڵی خەڵکی هەژار و نەدار، بە راستی لە هەقی مەسرەفی منداڵەکانم نایەم و مەسئولییەتیان بە تەنیا بە من هەڵناگیرێ، ئێمەش ئەگەر وەزعمان باش بوایە، منداڵەکانمان وەك خەڵکی خواپێداو دەنارده خوێندنگە تایبەت و نێودەوڵەتییەکان.»

شەیما عەلی دانیشتووی هەڵەبجەی شەهیدەو باس لەوە دەکات بە هۆی داخستنی دەرگەی قوتابخانەکان، منداڵەکانی «شەو تا بەیانی خەریکی ئینتەرنێت و ئەتاری کردنن، شەوان بە ئاگان و بە رۆژیش خەوتوون.» هاوکات دەڵێت: «ئەم بایکۆتەی مامۆستایان تەنیا زیانی بە قوتابی و خێزانەکانیان گەیاندووە و ناکرێت ئایندەی گەنجەکانمان پشتگوێ بخەن.»

حەسیبە سەعید، مامۆستایە لە پەروەردەی سۆران و قسەکانی بە وتەیەکی (کوان تسو فەیلەسوفی چینی) دەست پێدەکات کە وتوویەتی: «ئەگەر دەتەوێ بۆ یەك سال بەرنامە دابڕێژی گەنم بچێنە، ئەگەر دەتەوێت بۆ دە ساڵ بەرنامە دابڕێژی، ئەوا دار بڕوێنە و ئەگەر دەتەوێت بۆ تەمەنێك بەرنامە دابڕێژی، ئەوا مرۆڤ پێبگەینە.» جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «لە زۆربەی کۆمەڵگەکان، ئۆرگانەکانی پەروەردە، ئامرازی گرنگی گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی کۆمەڵایەتین و دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی کۆمەڵگە، پەروەردەش ئامرازێکە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەیەکی لەیەك نەچوو و پڕکێشە بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکدەست و یەکگرتوو، بە رێگای پەرەپێدان و بەهێزکردنی کەلتوور و ناسنامەی هاوبەش و ئەوەشە دەبێتە هۆی دروستبونی وڵاتێکی پتەوی نەتەویی و پڕ لە یەکرێزی و تەبایی خەڵك. پەروەردە کلیلێکە کە دەرگای بوونی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن دەکاتەوە. هەرچەندە خەڵکی

تەواوی توێژەکانی فەرمانبەران هەمان کلێشەی پاشەکەوت و دواکەوتنی مووچەکەیان هەبوو، کەچی بابەتی بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن درێژەی کێشا و تەنانەت لە نارەزایەتییەکی راستەقینەوە، گواسترایەوە بۆ نمایشێکی سیاسی و موزایەدەی کاندیدی پارتە سیاسییەکان



وڵات لە رووی پەروەردەیی ئامادەتر بن، بەو رادەیەش خەرجییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە وەك خەرجی دەزگا دادوەرییەکان، ئەمنی، پۆلیس و هاتووچۆ و .. هتد، کەم دەبێتەوە، هەروەها ئاستی تەندروستیی گشتی و خۆراك و ژیانی تەندروست بەرز دەبێتەوە، ئەوانەش هەموویان دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی توانای حکومەت لە پەرەپێدانی کەرتەکان بە کوالیتییەکی باشتر. هەروەها بە هەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئاست بەرزو رۆشنبیر شێوازی بەشدارییان لە پرۆسە سیاسییەکان زۆر ئەرێنی و هوشیارانەتر دەبێت.» گوتیشی: «ئەگەر بمانەوێت باسی سوودەکانی سیستەمی پەروەردەیی و پەروەردە بکەین ئەوا بە نووسینی چەند کتێبێکیش ناتوانین هەمووی باس بکەین. کەواتە دەمەوێت بڵێم ئەوەی ئێستا لە کوردستان و بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی دەگوزەرێ، لە بایکۆت و نەبوونی دەوامی خوێندنگاکان کارەساتێکە کە زیانەکەی زۆر گەورەترە لە جەنگەکان و نەهامەتیی ئابووری و سیاسی. ئەوە نزیکەی دوو ساڵ دەبێت کە نیوەی کوردستان خوێندنی تێدا وەستاوە و نیوەکەی تریش مامۆستاکان بە بێ مەیلی وانە دەڵێنەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابییانیش سارد ببنەوە لە خوێندن و هیوا و ئاواتەکانیان بە خوێندن و پێشکەوتن و هەستی نیشتمانی و دڵسۆزی بۆ وڵات کەم ببێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لە هەموو بوارێکدا، لە لایەکی دیکەوە وەك هەموومان دەزانین، خوێندن وەکو زنجیرەیەکە کە لە قۆناغی یەکەمی سەرەتایی تاکو شەشەمی ئامادەیی و تەنانەت تا ئاستی خوێندنی باڵاش بە یەکەوە گرێدراوە، ئەگەر قوتابی ساڵێك یان لە قۆناغێك دوا بکەوێت، کێشەی زۆری دێتەپێش و ئاستی تێگەیشتنی زۆر لاواز دەبێت و مامۆستاکانیش ناچارن زیاتر هەوڵ بدەن بۆ تێگەیاندنی، سەرەڕای ئەوەی کە تا کۆتایی تەمەنی کاریگەریی نەرێنی لەسەر قوتابی دەبێت، بەوەی کە ماددەکانی بە تەواوی وەرنەگرتووە و بە بەراورد بە خەڵکی وڵاتانی تر ئاستی تێگەیشتن و وەرگرتنی زانیارییەکانی لاوازتر دەبێت و کۆمەڵگەش بەرەو داهاتوویەکی رەشی نادیار دەچێت. بۆیە داوا دەکەم لە مامۆستایانی بەڕێز کە چیتر بە هیچ بیانوویەك بەستنی دەرگای قوتابخانەکان مەکەنە کارتی فشار بۆ بەدەستهێنان، یان گەیشتن بە داواکاریەکانیان، چونکە لە کۆتاییدا هەموومان زەرەرمەندین و کۆمەڵگەیەکی بێ بەرهەم و ناتەندروستمان دەبیت کە هەموومان لە دەست نەهامەتییەکانی بێ پەروەردەیی و دواکەوتوویی دەناڵێنین.»

**پێویستە مەسەلەی خوێندن نەبێتە کارت و گەمەی هەڵبژاردن و فشاری سەر حکومەت، چونکە ساڵێک دواکەوتن لە خوێندن ساڵێک دواکەوتنی ژیانی هەموو قوتابی و خوێندکارەکانە لە هەموو پرۆسەکانی ژیان و نابێت هیچ قۆناغێکی تەمەنیان بەهەدەر بڕوات**

**بایکۆتکردنی مامۆستایان و داخستنی دەرگەی قوتابخانەکان لەم سنوورە، وایکرد، کوڕەکانم هەندێ خوی نەشیاو هەڵبگرن، بەهۆی دەست بەتاڵییەوە کوڕەکانم فێری گازینۆ و چایخانەکان بوون و ئێستا نێرگەلە دەکێشن، ئاوا بڕوا، چوار ڕۆژی تر فێری یانەکانیش دەبن**

**حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی هەوڵبدات گوزەرانی هەموو مووچەخۆرانی کوردستان بەگشتی و مامۆستایانیش بەتایبەتی باش بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بە بایکۆتکردنی دەوام چارەسەری کێشەکان ناکرێت و بەڵکو قەیرانەکان کەڵەکەتر دەبن**

**ئەم بایکۆتەی مامۆستایان تەنیا زیانی بە قوتابی و خێزانەکانیان گەیاندووە و ناکرێت ئایندەی گەنجەکانمان پشتگوێ بخەن**

دکتۆر حوسێن ئیسماعیل خان دەڵێ، وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆ، سەبارەت بە هەمان پرس ڕایوایە «بایکۆتی وانەوتنەوەی مامۆستایان لە قوتابخانە و خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی پەروەردەکردن و خوێندن هەیە. دابڕانی قوتابایان و خوێندکاران لە خوێندنگە و قوتابخانەکان بەشێوەیەکە کە ئێستا بەشێك لە قوتابییان ڕوویان لە قاوەخانە و چایخانەکان کردووە، دابڕان لە خوێندن کاتێکی باشتری دەوێت بۆ ئەوەی جارێکی تر بچێتەوە سەر ڕێڕەو و سکەی خوێندن و فێربوون، مامۆستایان هەمیشە وەکو هێما و پێشەنگ تەماشا کراون بۆ بەرەوپێشبردنی زانست و فێربوون، لەسەردەمێکدا ڕژێمی عێراق لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دامودەزگا سەربازی و خزمەتگوزارییەکانی لە کوردستان کشانەوە و مووچەی بڕی، مامۆستایان دروشمی (مامۆستا بۆ مووچە سەری خۆی ناکات نەوی) بەرزکردەوە، بەرەنگاری قەیرانی دوای قەیران بوونەوە و درێژەیان بە کاروانی زانست و فێربووندا و نەیانویست چرا و مەشخەڵی پەروەردە لە کوردستاندا خامۆش ببێتەوە، ئێستاش مێژوو بە شانازییەوە باس لەو هەڵوێستە جوامێرانەی ئەوان دەکات.» گوتیشی: «ئێمە دەزانین ڕەوشی ئابووری هەرێمی کوردستان بە ئاستەنگ و قەیرانێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕێت، لەلایەك ئاسەواری شەڕی داعش و بڕینی مووچە و بودجە لەلایەن حکومەتی ناوەندی عێراقەوە و لەلایەکی ترەوە گەلەکۆمەکی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ وشککردنی سەرچاوە ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان وای کردووە سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە و دواکەوتنی مووچە ڕووبدات، ئەمەش نەك مامۆستایان بەڵکو کاریگەری لەسەر گوزەرانی تەواوی خەڵکی هەرێمەکە هەیە، بۆیە دەبینین بایکۆتکردن و کەمکردنەوەی دەوام لە قوتابخانە و فەرمانگەکانی هەرێمدا هاتووەتە ئاراوە.»

دکتۆر حوسێن لە درێژەی وتەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی هەوڵبدات گوزەرانی هەموو مووچەخۆرانی کوردستان بەگشتی و مامۆستایانیش بەتایبەتی باش بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بە بایکۆتکردنی دەوام چارەسەری کێشەکان ناکرێت و بەڵکو قەیرانەکان کەڵەکەتر دەبن، لە ڕوویەکی ترەوە زەرەرمەندی بایکۆتی خوێندن تەنیا قوتابی و خوێندکاراکانن، بەتایبەت منداڵانی توێژی هەژار و کەمدەرامەت، چونکە منداڵی بەرپرس و سەرمایەدارەکان لە قوتابخانە ناحکومی و ئەهلییەکان دەخوێنن و پەکیان نەکەوتووە، هەروەها منداڵانی ئەو عەرەبانەی کە ئاوارەی کوردستان بوون، درێژە بە خوێندن دەدەن، بەڵام منداڵانی کورد تەماشایان دەکەن و بەزەییان بە خۆیاندا دێتەوە.» گوتیشی: «هەقە هەموومان بە حکومەت و حزبەکانەوە، بە مامۆستا و کەسوکاری منداڵانەوە، هەوڵبدەین ساڵی خوێندن بەفیڕۆ نەڕوات، هەریەك لەلای خۆیەوە ئەوەی ئەرکی سەر شانیەتی جێبەجێی بکات، پێویستە مەسەلەی خوێندن نەبێتە کارت و گەمەی هەڵبژاردن و فشاری سەر حکومەت، چونکە ساڵێك دواکەوتن لە خوێندن ساڵێك دواکەوتنی ژیانی هەموو قوتابی و خوێندکارەکانە لە هەموو پرۆسەکانی ژیان و نابێت هیچ قۆناغێکی تەمەنیان بەهەدەر بڕوات.»



دڵشاد نامق فەرەج، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە زانستە سیاسییەکان و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «بایکۆتکردنی ناوەندەکانی خوێندن پاساوە سەرەکییەکەی نەبوونی مووچەك، یاخود کەمی و نەگەیشتنی مووچە بوو لەکاتی خۆیدا، بێگومان ئەمەش وەك جۆرێك لە فشاری مەدەنی لە لایەن توێژی مامۆستایانەوە پەنای بۆ برا، بەڵام سەرەڕای ئەوەی تەواوی توێژەکانی فەرمانبەران هەمان کڵێشەی پاشەکەوت و دواکەوتنی مووچەکەیان هەبوو، کەچی بابەتی بایکۆتی ناوەندەکانی خوێندن درێژەی کێشا و تەنانەت لە ناڕەزایەتییەکی ڕاستەقینەوە، گواسترایەوە بۆ نمایشێکی سیاسی و موزایەدەی کاندیدی پارتە سیاسییەکان، ئەوەی لەم بابەتە زیانمەندی یەکەمە، قوتابیانی کوردستانن کە مەترسیی فەوتانی ساڵێکی خوێندنیان هەیە، بەتایبەتی لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، زیاتریش لە زیانی چینی خوارەوەی کۆمەڵگە و منداڵانی خودی فەرمانبەرانە، چونکە ئەوەی خوێندنی پەکی دەکەوێت، قوتابخانە حکومییەکانن، نەك ئەهلی و نموونەییەکان کە چینی دەستڕۆیشتووی کۆمەڵگەن، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئاستی فێربوون و تێگەیشتنی قوتابیان، چونکە پرۆگرامەکان تەواو ناکرێن و وەك پێویستیش بە قوتابییەکان ناگەن، دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستێکی نێگەتیڤیش لای قوتابی سەبارەت بە مامۆستا و پرۆسەی خوێندن، کە ناتوانرێت نەوەیەکی خاوەن ئینتیما پەروەردە بکرێت و ئەو پەیامە بگەیەندرێت کە پەروەردە بەدەرە لە ململانێ سیاسییەکان، لەبەر ئەوە دەبێت بڵێین کۆی بایکۆتەکە نەك نابێتە خاڵی فشار و ڕێگەیەکی دروستی داواکردنی مافەکانیش نییە، بەڵکو زیانێکی گەورەیە بۆ دامەزراوە و پرۆسەی پەروەردە و خێزانی قوتابییان، کە خودی مامۆستاکان کارەکتەرن تیایدا.»



# بایەخدان بە پێگەی ئابووریی ئافرەتان گەشەی کۆمەڵگەی لێدەکەوێتەوە

هێنری هیگێنز، نووسەری(کابانی هیواپێدەری من)، لە زۆربەی نووسینەکانیدا پێداگری لەوە دەکات کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، ئافرەتان بەشدارییەکی کارایان لە بازاڕی کاردا هەیە و داهاتی سەربەخۆیان لە گەشەی کۆمەڵگەشدا کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە. لە لایەکی دیکەوە بەپێی بۆچوونی کۆمەڵناسان لە ئێستادا کچان لە خوێندنی باڵاشدا لە کوڕان سەرکەوتووترن و ئاسانتریش تێکەڵی بازاڕی کار دەبن. بەتایبەتی کە تەکنۆلۆژیای وڵاتانی پێشکەوتوو وایکردووە، ئەو کارانەی پێویستییان بە هێزی جەستەیی هەیە، لە بازاڕەکانی کاردا کەمتر بوونەتەوە. بەڵام ئافرەتان لە وڵاتانی دواکەوتوودا (بە کوردستانیشەوە)، هێشتا کەندوکۆسپی گەورەیان لە بەردەمە و لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژەی تێکەڵبوونیان بە کاری دەرەوەی ماڵ، بەردەوام لە هەڵکشاندا بووەو ژمارەی خانمانی خاوەن کاریش لە بەرزبوونەوەدایە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە گرینگە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئافرەت وەک هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگە پێویستە لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا رۆڵی خۆی هەبێت و مافی بڕیاردانیشی نابێت زەوت بکرێت**

**ئەگەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە بێ جیاوازیی رەچەڵەک و رەگەز، وەک مرۆڤ سەیر بکرێت، ئەوا تاکی ئەو کۆمەڵگەیە رۆڵێکی کاریگەری لە بنیادناندا دەبێت، جا ئەو رۆڵە لە کایەی سیاسیدا بێت، یان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی**

**ژنان ئەگەر زیاتریش نەبن، ئەوا نیوەی کۆمەڵگەن، بۆیە ئەگەر لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووریی وڵاتدا بەشدار نەکرێن، ئەوا بەرنامەی گەشەسەندنی ئەو وڵاتە ناتەواوە و ناتوانێت گەشە بە ژێرخانی کۆمەڵگەکە بدات**

شلێر عەبدولمەجید رەشید، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستانەو سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە: «ئافرەت وەك هەموو تاکێکی نێو کۆمەڵگە پێویستە لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا رۆڵی خۆی هەبێت و مافی بڕیاردانیشی نابێت زەوت بکرێت. لە هەر کۆمەڵگەیەکیشدا ئەگەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بە بێ جیاوازیی رەچەڵەك و رەگەز، وەك مرۆڤ سەیر بکرێت، ئەوا تاکی ئەو کۆمەڵگەیە رۆڵێکی کاریگەری لە بنیادناندا دەبێت، جا ئەو رۆڵە لە کایەی سیاسیدا بێت، یان ئابووری، یان کۆمەڵایەتی، بەپێچەوانەش ئەگەر تاکی نێو کۆمەڵگە رۆڵی خۆی نەبینێ، ئەو کۆمەڵگەیە لاسەنگ دەبێت و کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنی چالاك نابێت.» هاوکات دەڵێت: «ئیمە بڕوای تەواومان بەوە هەیە، ژنان ئەگەر زیاتریش نەبن، ئەوا نیوەی کۆمەڵگەن، بۆیە ئەگەر لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئابووریی وڵاتدا بەشدار نەکرێن، ئەوا بەرنامەی گەشەسەندنی ئەو وڵاتە ناتەواوە و ناتوانێت گەشە بە ژێرخانی کۆمەڵگەکە بدات.» جەختی لەوەش کردەوە کە «رۆڵی ئافرەتان لە نێو ئەو حکومەتانەدا دەردەکەوێت کە بڕوایان بە دامەزراوەکان هەیە و کاری بە دامەزراوەیی دەکەن بۆ سیاسەتی ئیداریی ئەو دامەزراوانە و پلانی ستراتیژی و داڕێژراویان بۆی هەیە.» گوتیشی: «پێوەری پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگە و حکومەتێك بەندە بەو رۆڵەی کە دەدرێت بە ئافرەتان لە کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەشداری و بڕیاردانـدا، هیچ کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێت بانگەشەی دیموکراتیەت بکات، ئەگەر رۆڵی راستەقینە بە ئافرەتان نەدات.»

گوڵالە پشدەری، خاتوونێکی چالاکی مەدەنی و دانیشتووی ئامستردام-ی هۆڵەندایە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەشداریی ئافرەتان لە سەرای گەشەکردنی ئابووریی وڵاتدا دەتوانێ کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانیی خەڵك هەبێت.» هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «بەشدارینەکردن، یان کەمتر بەشداریکردنی ئافرەت لە سێکتەری رامیاری و ئابووریدا نە تەنیا زیانمەندە بۆ گەشەسەندنی خودی ئافرەت و لاوازبوونی هێز و پێگەی لە کۆمەڵگەدا، بەڵکو کاریگەریی نەرێنییش دەخاتە سەر گەشەکردنی وڵات. واتە هەرچەند بەشداریی ئافرەتان لە سێکتەرەکانی رامیاری و ئابووریدا زیاتر بێت، بە قازانجترە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی وڵات.» گوتیشی: «لە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیدا کە لە ساڵی ٢٠١٦ لە هۆڵەندا ئەنجام دراوە، تێیدا سەلمێندراوە کە بەشداری و وەگەڕخستنی هێز و تواناکانی ئافرەتان لە کاروباری هەڵسووڕاندنی وڵاتدا کاریگەریی بەهێز و ئەرێنی هەیە بۆ حوکمڕانییەکی بەهێز و وڵاتێکی سەربەخۆ و پشتئەستوور بە هێزی مرۆیی، هەروەها دەبێتە هۆی فراوانکردنی پەروەردەی پتەو و دامو دەزگاکانی دیموکراسی و کۆمەڵگەش بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵك کاراتر و بەسوودتر دەکات. لێرەدا جێگەی ئاماژەیە کە گۆڕانکاری لەوبارەیەوە لە ٢٠٠ ساڵی رابردوودا بەرجەستە کراوە. هەروەها کاریگەریی ستراکچەر، یاخود پێکهاتەی یاسایی سیستەمی خێزانی و چۆنیەتی بارودۆخی ئەو سیستەمە و کاریگەریی ئایین و کەمتەرخەمیی دەسەڵاتی سیاسی، دەتوانێ بارگرانی بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە پەلەکانی هەڵسووڕاندنی وڵاتدا دروست بکات. بۆیە ئەو وڵاتانە لە گەشەکردنی ئابووریدا بەهێزترن کە بەربەستەکانی بەشداریی ئافرەت لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و ئابووریدا ناهێڵن، ئەو وڵاتاش کە کەمتر رێ بە بەشداریی ئافرەتان دەدەن و کۆسپیان بۆ دروست دەکەن، بێهێز و دواکەوتووترن.»

شەهلا دەباغی وەك نووسەر و چالاکی بیری نەتەوەیی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کار وەك چالاکییەکی ئابووری - کۆمەڵایەتیی بەنرخ، تەنیا گەشە بە باری ئابووریی تاك نادات، بگرە کاریگەری لەسەر دۆخی رۆحی و کۆمەڵایەتیی تاکیش هەیە. لە دۆخی نالەباری ئێستای کوردستاندا، ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە کە بەهای کار لە ناو کۆمەڵگە و لەلای تاك، زۆر جار بە رادەی دەستکەوتی سوود و پۆزیشوونی تاکەوە گرێ دەدرێ، بۆ نموونە لە کوردستان و زۆر وڵاتی دیکە کاری کرێکارێك لە کاری دکتۆرێك بە سووکتر چاوی لێدەکرێت، لە کاتێکدا لە وڵاتێکی وەك سوید سەرەتا (خودی کارکردن)ـەکە بەهای هەیە، ئینجا دواتر جۆری کارەکە بایەخی پێ دەدرێت. هەروەها لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو ژنێك کە کار دەکات و دەتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێ، زۆر زیاتر گرینگی پێ دەدرێت، تا ژنێك کە کارناکات. بەداخەوە لە کوردستاندا هێشتا کارکردن و لەسەر پێی خۆ راوەستانی ژنان نەبۆتە «بەها» و ئەوەش زیاترین بەربەستی دروست کردووە. گوتیشی: «لە سەفەرێکدا بۆ کوردستان لە بەهاری ساڵی ٢٠١٧ ئەوەم بۆ دەرکەوت بەداخەوە زۆر ژن و کچی گەنج ئامادە نین لە زۆر بواردا کار بکەن و بە سووکی دەبینن، لە کاتێکدا هەمان کار لە سوید سەدان ژن و کچ و پیاو بە شانازییەوە

ئەنجامی دەدەن و دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی ئابووری بۆ خۆیان و خانەوادەیان. واتە جەوهەری کارکردن خۆی لە خۆیدا بەهایە و پێویستە ئەوە بۆ تاکی کومەڵگە شی بکرێتەوە، هەتا بەهای کارکردن بزانێت و تەمبەڵی و کارنەکردن بە نادروست و نارەوا سەیر بکات. زۆر لە ئێمە کە لە تاراوگە ژیاوین تا تەواوکردنی دەرس و دیتنەوەی کارێك بە دڵی خۆمان، زۆر کارمان کردووە، بۆ نموونە کار لەگەڵ پیرەکان و باخچەی منداڵان و خاوێنکردنەوەو هیچیش پێمان شەرم نەبووە کە کاردەکەین. کار وەك بەها و هەنجارێکی کۆمەڵایەتی دەبێ بەرز بنرخێندرێت. ئینجا دەمێنێتەوە ئەوە کە خاوەن کار و کۆمەڵگە بە رێزەوە چاو لە کرێکار بکەن و لەکاردا هەموو مافەکانی کرێکار و تاك دابین بکرێ. بێگومان ژیانی ژنانی ناوچەکانی کەمداهات بە هاتنیان بۆ ناو بازاڕی کار دەبێتە هۆی باشتر بوونی ژیانیان و دەتوانن لەسەر پێی خۆیان راوەستن و پێویستیشە لە حەقی بیمە و خانەنشینی و مافەکانی منداڵبوون و ئیمتیازاتی دایکایەتی و.. هتد بەهرەمەند بن. هەروەها دەبێت ژنان بزانن کە بەشدارییان لە بازاڕەکانی کاردا، لە کاتژمێری کاری بێ مووچە بێ حەقدەستی ئەوان لە ماڵەوە کەم دەکاتەوە، بۆیە هیوادارم لە کۆمەڵگەی کوردییش زیاتر رێز و کەرامەتی ژنی کورد بگرن کە رۆژانە لە ماڵەوە بێ حەقدەست خزمەت و سرویس دەدەنە برا و باب و مێرد و منداڵیان و زەرووره کە هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ بکرێت هەتا تێکەڵی بازاڕی کار ببن و داهاتی سەربەخۆیان هەبێت. هەر کۆمەڵگەیەکیش کە ژن لە بواری سیاسی و ئابوورییەکەیدا چالاك بێت، لە قافڵەی پێشکەوتن دوور ناکەوێت و بەداخەوە پێچەوانەکەشی راستە.»

ئارام حەیدەر، وەك یاساناسێك جەخت لەوە دەکاتەوە «لە هەرێمی کوردستاندا بەشداریی ئافرەت لە بازاڕی کار و بازرگانیدا هیچ ئاستەنگێکی یاسایی لە بەردەم نییە، بەپێچەوانەوە حکومەت و پەرلەمان لە بواری بەشداری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ئاسانکاریی زۆری بۆ کردوون». گوتیشی: «بەداخەوە کۆمەڵگەی کوردی بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی شەڕی جۆراوجۆر بووە، ئەوەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر تاکەکان داناوە، بۆیە پێویستە ناوەندە حکوومی و ناحکوومییەکان گرینگی زیاتر بە هۆشیارکردنەوەی تاك و چەمکی لێبوردەیی و مافەکانی ئافرەت و بەتایبەتی تێکەڵبوونی خانمان بە بازاڕی کار بدەن.»

بەپێی ئامارێکی وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان، رێژەی ئافرەتانی فەرمانبەران بە ٤٠٪ دەستنیشان کراوە، ئەوەش سەلمێنەری ئەو واقیعەیە کە لە دوای راپەڕینەوە، بەشداریی ئافرەتان لە کاری دەرەوەی ماڵ، بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە. سەرەڕای ئەوەش هێشتا ژمارەی خانمانی کارساز و خاوەن کار و سەرمایەدار زۆر کەمە و بەدەگمەن کەسی وا بەدی دەکرێت کە راستەوخۆ لە گەشەی کۆمەڵگەدا رۆڵی بەرزی هەبێت، بەڵام لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا زۆر خانمی خاوەن سەرمایە هەن کە پێگەیەکی سەنگینی ئابوورییان هەیە، لەوانە:

لیلیان بتانکور (Liliane Bettencourt)ی فەرەنسی و تەمەن ٩٤ ساڵ کە خاوەنی ٤٣,١ ملیار دۆلارە و گەورەترین دەزگای خێرخوازیشی هەیە.

ئالیس والتۆن (Alice Walton)ی ئەمریکی و تەمەن ٦٧ساڵ کە خاوەنی ٣٨,٧ ملیار دۆلارە.

سۆزان کلاتن (Susanne Klatten)ی ئەڵمانی و تەمەن ٥٥ساڵ ٦٧ساڵ کە خاوەنی ٢٢,٥ ملیار دۆلارە و لەگەڵ دایك و براکەی خاوەنی نیوەی پشکەکانی گەورە کۆمپانیای (بی ئێم دەبلیو)ن.

لۆڕن پاول جابز (Laurene Powell Jobs)ی ئەمریکی و تەمەن ٥٣ ساڵ کە خاوەنی زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار و لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای (ئەپڵ)ە.

ئایریس فۆنتبونا (Iris Fontbona)ی تەمەن ٧٤ ساڵ لە (شیلی) کە خاوەنی ١٣,٧ ملیار دۆلارە

کریستی واڵتۆن (Christy Walton)ی ئەمریکی و تەمەن ٦٨ ساڵ کە خاوەنی ٦,١ ملیارد دۆلارە و بە هۆی بەخشینی بەشێکی زۆر لە سامان و موڵکەکانی بە ناوەندە خێرخوازییەکان، سەرمایەکەی رووی لە دابەزین کردووە

شارلوت کاسیراگی (Charlotte Casiraghi)ی تەمەن ٣١ ساڵ لە (مۆناکۆ) کە کاری رۆژنامەنووسی و هەواڵنێری دەکات و خاوەنی ٥,٧ ملیارد دۆلارە.

کری پرۆدۆ (Carrie Perrodo)ی تەمەن ٦٦ ساڵ لە سەنگافورە کە خاوەنی٥،٣ ملیار دۆلارە و کارە خێرخوازییەکانی بەناوبانگی کردووە.

ئیوانکا ترامپ (Ivanka Trump)ی تەمەن ٣٥ ساڵ کە کچی دۆناڵد ترامپ-ی سەرۆکی ئەمریکایە و خاوەن ٧٤٠ ملیۆن دۆلارە و لە کاری بازرگانی تەنانەت پشتی بە باوکیشی نەبەستووە.

شیخە موزا (Sheikha M ozah) ی تەمەن ٥٨ ساڵ لە قەتەر، کە خاوەنی زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلارە و چەندین دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە.

**پێوەری پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگە و حکومەتێک بەندە بەو رۆڵەی کە دەدرێت بە ئافرەتان لە کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەشداری و بڕیارداندا، هیچ کۆمەڵگەیەکیش ناتوانێت بانگەشەی دیموکراتیەت بکات، ئەگەر رۆڵی راستەقینە بە ئافرەتان نەدات**

**کار وەک چالاکییەکی ئابووری - کۆمەڵایەتیی بەنرخ، تەنیا گەشە بە باری ئابووریی تاک نادات، بگرە کاریگەری لەسەر دۆخی رۆحی و کۆمەڵایەتیی تاکیش هەیە**

**جەوهەری کارکردن خۆی لە خۆیدا بەهایە و پێویستە ئەوە بۆ تاکی کومەڵگە شی بکرێتەوە، هەتا بەهای کارکردن بزانێت و تەمبەڵی و کارنەکردن بە نادروست و نارەوا سەیر بکات**